# ستالین

## زیگمۆند باومان

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن



بە دەربڕینی باومان پێویستە لە دڵنیانەبوون و خەسارەهڵگری سوبێکتەکاندا، بۆ ڕەهەندی دەروونیی ڕەوایەتیی دەسەڵاتی حکومەتی مۆدێرن بگەڕێین. نووسەر بە نێوەندگیری فیگۆری ستالین، مێژوو، لەپێش مێژووی بونیادی دەسەڵات (حکومەت) و سەرچاوە ئوستورەیی و ئایینیەکەی ئامادەدەکات تا نیشانیبدات دەوڵەت چۆن هاوکات وێڕای ئەوەی بە ڕواڵەت بە ڕەواندنەوەی نیگەرانیی هاووڵاتیان -کە ئەرکی سەر شانییەتی- دێتە بەرچاو، تارمایی نەبوونی دڵنیایی ساختەکردووە و دەیخاتە ناو مندالدانی کۆمەڵایەتییەوە. سەرمایەگوزاری لەسەر خەسارەهڵگری و هەستی نەبوونی دڵنیایی هاووڵاتییان، بونیادی ڕەوایەتی حکومەتە، بابەتی ئەو نەبوونی دڵنیاییە، دەتوانێت هەمان هێندەی بڕیاری نائاسایی دەسەڵات سەر بکێشێتە پشێوی و شێواوی بازاڕەوە. لە نموونەی ئاسایشی دەسەڵات لەسەر جیهان لە دەیەکانی ڕابردوو، ئامادەکردنی هەوری شەڕ لەسەر ئاسۆی نیشتمانی باڵادەستی و سەرمایەگوزاری لەسەر هەڕەشە و مەترسییەکانی شەڕێکی گریمانەیی، لە سەرەوەی بەرنامەی کاری حکومەتەکان بووە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تا دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. (و. ف).

(ئەلێکساندەر سۆلژنیتسن) یەکێک بوو لە نەخۆشەکانی بەشی شێرپەنجە، کە خاوەن پلە و پۆستی گرنگی ناوخۆی حزبە و ڕۆژانەی بەدیقەت خوێندنەوەی سەروتاری پراڤدا دەستپێدەکات، چاوەڕوانی نەشتەرگەرییە و چانسی نەمردنی پەنجا بە پەنجایە -و هاوکات ڕۆژانە و تا بڵاوبوونەوەی ژمارەی داهاتووی پراڤدا بە سەروتارێکی تازەوە، کە بۆ قاوشی هەموو نەخۆشەکان دەنێردرێت، شتێک نییە نیگەرانی بکات. ئەو ڕێک دەزانێت (ستالین) چ کارێک ئەنجام بدات، چ بڵێت و چۆنچۆنی بڵێت و بێدەنگی دەربارەی چ بابەتێک هەڵبژێرێت. لە کارەکان بە گرنگییەوە و دەربارەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە بەڕاستی یەکلاکەرەوەن و بە گرنگ دەزانرێن، جۆرێک هەستی ئاسوودەیی ڕیشەگرتووی لە مسۆگەربوونی هەیە. ئەو مەحاڵە هەڵە بکات.

لەوانەیە ڕۆژبەڕۆژ تۆنی سەروتاری پراڤدا(*) گۆڕانی بەسەردا بێت، تەنانەت ناوەکان و ئەو ئەرکانەی کە تا دوێنێ وەک بزە لەسەر لێوەکان بوون، ڕەنگە بەدرێژایی شەو شایانی بەیانکردن نەبن. دوورنییە کردەوەی متمانەپێکراو و جێبڕوای دوێنێ ئەمڕۆ هەڵە و نەفرەت ورووژێنەر بن، کاری چاوەڕواننەکراوی دوێنێ، ئەمڕۆ زۆرەملێیی بن. کاتێک جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان ڕاست و هەڵەدا بوونی نییە و سنووری نێوان زۆرەملێیی و قەدەغەبوون ئاڵۆز بووە، ساتی هەڵبژاردە کارپێکراوەکان نییە. ئەگەر دەتەوێت هەرگیز هەڵەیەکت لێ ڕوونەدات تەنیا دەبێت گوێ بگریت و بە پاشماوەی بیستراوەکان قەناعەت بکەیت، چونکە بە هەمان شێوە کە (لۆدڤیک ڤیتگنشتاین) ڕوونیکردەوە، (تێگەیشتن) واتا بزانی چۆنچۆنی درێژەی پێدەدەی – تۆ لە بەرامبەر بە هەڵەتێگەیشتن لە ژێرباڵ و پاێزراوییت و ئاسایشتان لە حزب و (ستالین)دایە. سەرۆکی ئەو (بێگومان بەناوی ئەوەوەیە کە سەرووتارەکانی پراڤدا قسەدەکەن) ڕۆژانە پێتدەڵێن چ کارێک ئەنجام بدەیت. ستالین لە ماوەی ئەنجامدانی ئەرکە بەئازارەکانی تێگەیشتن لەجیاتی ئێوە، باری بەرپرسیارییەت لەسەر شانتان هەڵدەگرێت. ئەو بەڕاستی (دانای هەموان)ە، نەک تەنیا هەر هەموو زانیارییەکان دەزانێت، بەڵکو هەموو ئەو شتانەشت پێدەڵێت، کە پێویستت پێیەتی و دەبێت بیزانیت. ئەو دەتوانێت هێڵ بە نێوان حەقیقەت و هەڵەدا بهێنێت.

لە سوێندی فیلمێک لە چیورلی، کەسایەتی سەرەکی - (دایکێک)ی ڕوسی کە ڕوواڵەتی هەموو خەباتی دژوار و ئازایانە و کاری تاقەت پڕوکێن و نموونەیەکی سروشتئاسایە لە میللەتی

ڕوسیای هەمیشە عاشقی ستالین - ڕۆژێک دەچێتە لای ستالین و داوای لێدەکات کۆتایی بەشەڕ بهێنێت. ئەو دەڵێت کۆمەڵانی خەڵکی ڕوسیا ئازارێکی زۆریان چەشتووە و ئێستا لەو لەخۆبووردوییە ترسناکە بێزارن، چ زۆربەی ژنەکان کە مێردەکانیان لە دەستداوە و چ زۆربەی منداڵان باوکییان -پێویستە ئەو هەموو ئازارە کۆتایی هەبێت. ستالین وەڵامدەداتەوە: بەڵێ، دایکە، لەمێژە سەردەمی کۆتایی شەڕ هاتووە و ئەو کۆتایی بە شەڕ دەهێنێت. ستالین نەک تەنیا دانای هەموان، بەڵکو (بەتوانای ڕەها)یە. هەر ئەوەندە بەسە بیەوێت کۆتایی بە شەڕ بهێنێت، ئەو کاتە شەڕ کۆتایی پێهاتووە. ئەگەر ئارەزووی ئەوە یان تەنانەت داوای لێدەکەیت ئەنجامی نادات، نەک لەبەر نەتوانینی یان شارەزایی کاریگەربوون و پراکتیزەکردنی کارەکانە، بەڵکو لەو ڕووەوەیە کە پێویستە بەگشتی بەڵگەی گرنگ بۆ هەڵپەساردن یان خۆدزینەوە یاخود خۆبەدوورگرتن لەو کارە بوونی هەبێت. (بیربهێنیتەوە! ئەوە کە سنوور لە نێوان ڕاست و هەڵەدا دەکێشێت)، دەتوانیت دڵنیابیت هەر چاکە و باشە دێتە ئاراوە. لەوانەیە ئێوە لە ئاشکراکردن، پێرستکردن و لێپرسینەوە لە هەموو چاکە و زیانەکان بێ توانا بن، بەڵام ستالین ئێوە لە ئەنجامی لۆژیکی ترسناکی نەزانیتان دەپارێزێت. بەمەش گرنگ نییە کە لە کۆتاییدا، مانا و لۆژیکی ئەوەی دێتەپێش لە ئێوە ڕابکات. لۆژیک، پلان، نەخشە و بەیەکەوە گونجان بۆ ئێمە وەک قەوارەیەک لە ڕووداوە ناهەماهەنگ و پێشهاتی ڕێکەوت و کتوپڕ دێتە بەرچاو. ڕاستە ئێوە ناتوانن بە چاو ئەو گونجاوییە ببینن، بەڵگەیەکی دوو بەرابەرە (لەوانەیە تەنیا بەڵگەیەک بێت کە پێویستت پێیەتی) لەسەر ئەوەی کە چەندە شارەزایە، ستالین بۆ ئاسایشی ئێوە یەکلاکەرەوەیە و تا چەند لەبەر فرەزانایی و ئارەزووی بۆ دابەشکردنی بەرهەمی ئەو شارەزاییە قەرزداری ئەوی.

لە نێوان ئەو دوو چیرۆکەدا، ڕێگەیەکی دووردرێژ بۆ ئاشکراکردنی نهێنی توانای ستالین لەسەر زەین و دڵی سوبێکتەکانی (مرۆڤایەتی)یەکەی بوونی هەیە. ڕێگەیەکی دووردرێژ، بەڵام نەک هێندە دووردرێژ...

پرسیارێکی گەورە کە نەک تەنیا وەڵام نەدراوەتەوە، بەڵکو تەنانەت نەپرسراوە ئەوەیە کە بۆچی پێویستی سوبێکتەکان بەدڵنیایی ئەوەندە تاقەت پرووکێنە، کە ئەوان ناچاردەکات ژیانیان لەپێناویدا بکەنە قوربانی و بۆ پەسەندکردنی لەخۆبردووییان، دڵیان بە سوپاسگوزاری بئاخنن؟ بێگومان بۆ ئەوەی کە دڵنیایی و مسۆگەربوون بۆ باڵاترین پێویستی، ئارەزوو و خەونی مرۆڤ بگۆڕێت، پێویستە سەرەتا دڵنیاییەکی وەها (لەدەستچوو) بێت: بزربوو یان ڕفێنراو.

میخائیل باختین، یەکێک لە گەورەترین فەیلەسوفانی سەدەی ڕابردوو، بۆ شیکارکردنی لوغزی دەسەڵاتی سەر زەوی -مرۆڤایەتی، بە پێناسەکردنی (فۆبیای جیهان) دەستپێدەکات- هەستەکانی مرۆڤ، مرۆڤ زیادی مرۆڤ، لەلایەن شکۆی دەرەزەمینی و نامرۆڤایەتی جیهان دەوروژێنرێت، بەهۆی ترس لە شتێک کە لەسەرووی توانای مرۆڤەوەیە و وەک بونیادی ماددەی سەرەتایی جیهان و سروش[1] بەکاردەهێنرێت. فۆبیای جیهان لە وتەکانی (باختین)دا، ترسێکە لە بەرامبەر:

(...گەورەیی بێسنوور و توانای لەکۆتانەهاتوو، لە بەرامبەر ئاسمانی پڕئەستێرە، قەوارەی ماددیی شاخەکان، دەریا و ترس لە شۆڕشی جیهان و کارەساتی بونیادیی... فۆبیای جیهان لە بنچینەوە و وەک پێویست بارگاوی نییە بە ڕەمز، (بەڵکو ترسە لە بەرامبەر گەورەیی و توانای ماددی و وەسفنەکراودا).

بنج و بناوانی فۆبیای جیهان، ڕووبەڕووبوونەوەی نابوونێتی بوونی ترساو، ڕەنگ هەڵگەڕاو و بە گەورەیی ئەزەلی جیهان لەناوچووە، لاوازیی ڕەها، داماوی لە بەرگری و (لەرزۆکی)

ڕیشەگرتوو لە فۆڕمی شڵ و کز و لاواز کە جیلوەی (ئاسمانی پڕئەستێرە) یە و (قەوارەی ماددیی شاخەکان)، پەردەی لەسەر ڕادەماڵێت و هەروەها تێگەیشتن لەوەی کە مرۆڤ توانای بەدەستهێنان و وەرگرتن و پەلکێشکردنی زەینی ئەو هێزە ترسهێن و بەسامەی نییە کە خۆی لە گەورەیی و شکۆی ڕەهای کاکێشاندا ئاشکرادەکات. جیهانێکی وەها مل بۆ هیچ تێگەیشتنێک نادات. نیازی نادیارە و هەنگاوی داهاتووی پێشبینی نەکراوە و ئەگەر لۆژیک یان گەلاڵە پێشنیاری پێشتر هەبوو لە کردەوەی ئەودا بوونی هەبێت، بێگومان لە سەرووی ئاستانەی توانای مرۆڤەوەیە. هەروەها فۆبیایەکی وەها جیهانی بە مانای ترس لە نەناسراو: حەپەسان لە (نامسۆگەربوون).

خەسارهەڵگری و نامسۆگەربوون دوو حاڵەتی بارودۆخی مرۆڤن کە بەهۆی ئەو دوو فۆڕمەی (ترس لە خاوەن دەسەڵات) ڕەنگرێژدەکرێت، ترس لە دەسەڵاتی مرۆڤ، لە دەسەڵاتی دەستکرد و پارێزراو لە لایەن مرۆڤەوە. ئەو (ترس لە خاوەن پلە و پۆستی گرنگ) دوابەدوای مۆدێلی نامرۆڤانەی دەسەڵات، کە لە ترسی جیهان ڕەنگیدەدایەوە (یان تەنانەت، ڕیشەی لێدەگرت) داتاشراوە.

باختین لایوایە تەواوی سیستمە ئاینییەکان سوود لە فۆبیای جیهان وەردەگرن و وێنای خوا وەک فەرمانڕەوای گەورەی جیهان و دانیشتوانەکەی، بەهۆی هەستی ئاشنای ترس لە خەسارهەڵگری و لەرزیین لە بەرامبەر نامسۆگەربوونی دەرک نەکراو و قەرەبوودا فۆڕمی گرتووە. هەرچەند پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، بە فۆڕم دارێژەری دووبارەی ئەو وێنایە لە ئامۆژگارییە ئاینییەکاندا، فۆبیای جیهانی تازە و سەرەتای دەستپێکی بوونە قوربانی فۆڕم گۆڕینی چارەنوسسازە.

لە دۆخە نۆبەرەکەیدا، ترس بە شێوەکی خۆڕسک زادەی هێزێکی (بێ ناو) و (بێ گیان)ە کە بێ ئەوەی درێژدادڕی بکات، تووشی ترسی دەکات. ئەو هیچ داوایەکی نییە، کارنامە دەرناکات، ناتوانێت پەرۆشی ئەو شتانە بێت کە مرۆڤی خەسارهەڵگر و ئۆقرەلێبڕاو ئارەزوودەکەن یان خۆیان لە ئەنجامەکەی دەدزنەوە. ڕێگەیەک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئاسمانی پڕئەستێرە، شاخەکان یان دەریا بوونی نییە. ئەوان نەدەبیستن و گوێش ناگرن، تەنانەت ئەگەر بشبیستن، لە مێشکی خۆتی دەرکە کە وەڵامێک وەربگریتەوە. ڕێگەیەک بۆ داواکردنی بەخشین و ڕەحمەت لە ئەوان بوونی نییە. ئەوان سوکە ئاوڕێکیش نادەنەوە. بێجگە لەمانە، سەرەڕای هێزی سەرسوڕهێنەریان، تەنانەت ئەگەر ئاوڕیان دەدایەوە، نەیاندەتوانی بەرسڤی ئاواتی تۆبەکاران بدەنەوە. مەسەلە لەدەستدانی چاو، گوێ، زەیین و دڵ نییە، بەڵکو لە دەستدانی توانای هەڵبژاردن و هێزی دیاریکردنە و بەمەش لەدەستدانی توانای کارە لەسەر بنەمای ئیرادە، نەتوانین لە خێراکردن یان سستکردن، ڕاوەستاندن یان ڕاگرتنی ئەوەی بە هەموو شێوەیەک ڕوودەدات. هەنگاوی ئەوانە نەک تەنیا بۆ مرۆڤی بێتوانا، بەڵکو بۆ خودی خۆشیانیش گوماناوییە. وەک خوای کتێبی پیرۆز لەسەرەتای قسەکردنی لەگەڵ موسادا، ئەوان، ئەوانن- ئیستێکی یەکجارەکیی! (منم ئەوەی منم)، یەکەمین ئەو وشانەبوون کە لەلایەن سەرچاوەی سەرووی مرۆڤی فۆبیای جیهانی، لەو بەرکەوتە فەرامۆشنەکراوە لەسەر لوتکەی کێوی (توور) هێنرانە سەر زمانەوە. لەگەڵ گۆکردنی ئەو وشانەدا، لەبەرئەوەی کە وشە بۆ گووتن زۆر بوو، ئەو سەرچاوەی سەرووی مرۆڤییە، ئەگەرچی لە دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵ و دەرککردنی مرۆڤدا مایەوە، دەستی لە بێناو بوون شرد. هیچ شتێک دەربارەی خەسارهەڵگری و نامسۆگەربوونی مرۆڤ پڕمەترسی نەگۆڕا، بەڵام شتێکی نائاسایی گرنگ لە پەیوەند بە سەرچاوەی فۆبیای جیهانی ڕوویدا. ئەو لەمەو بەدوا چاودێریی هەڵسوکەوتی خۆی کرد و کۆنترۆڵکردنی گرتە دەست. لەو دەمەوە دەیتوانی بەخشندە یان

باڵادەست بێت، پاداشت و سزا بدات. نهۆ دەیتوانی داوای شتێک بکات و پەیوەست بەوەوە ڕەفتاری بگۆڕێت، کە داواکارییەکانی پەیڕەوی کراون یان نا. نەک هەر دەیتوانی بدوێت، بەڵکو بەردانگی قسەش دەیتوانی ئۆقرە بگریت، لایەنی گفت شیرین یان تووڕە.

ئەوە نەک هەر تەنیا بەم شێوەیە، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەو فۆڕمگۆڕینە سەرسوڕهێنەی دنیا و قیامەت بۆ خوا، نەک هەر هاوزا بوو بە فۆڕمگۆڕین و نۆژەنکردنەوەی بوونەوەرە زەندەق چووەکان بۆ کۆیلەکانی فەرمانڕەوای خوا، بەڵکو جێبەجێکردنی ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی لەگەڵ بوو بۆ مرۆڤیش. پێویستە مرۆڤەکان لەمەودوا گوێ لەمست و ڕام و بندەست بن، بەڵام هاوکات مرۆڤەکان لەو بەخششە سوودمەند بوون کە دەیانتوانی ئەو کارانە ئەنجام بدەن تا دڵنیابن ئەو بەڵا ترسناکە کە ترساندوونی، لانی کەم بە شێوەیەکی بنچینەیی، ئەوان توش ناکات... ئێستا دەیانتوانی لەجیاتی ڕۆژەکانی لێوڕێژ لە ڕادەستبوون، لە ڕسق و ڕۆزی شەوانی بێ کابووس بەهرەمەند بن.

(تووندڕەو و بروسکە بوو، هەورێکی چڕ بوو بەسەر لوتکەی کێوەکانەوە... سەرانسەری کێوەکە لەرز دایگرت، کەوایە تەواوی ئەو کەسانە مووچڕک بە لەشیان داهات، کە لە ڕەشماڵەکاندا بوون)، بەڵام لەنێو ئەو هەموو هەرا و هۆریا و ژاوەژاوە ترسناک و سەرگێژکەرەدا، دەنگی خوا دەبیسترێت: (ئێستا ئەوانە ئەگەر وەڵامی دەنگی من بدەنەوە و لەسەر پەیمانی من بمێننەوە، لەناو هەموو خەڵکەکە، ئێوە دەبنە قەومی هەڵبژێردراوی من). (خەڵکەکە هەموو بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە و گوترا ئەوەی پەروەردگار لە ئێمەی ویست، ئەنجامیدەدەین)-(سفری دەرچوون، 8:19) بەئاشکرا دڵخۆشبوو بە سوێندی پتەوی گوێڕایەڵیان، خوا بەڵێنی بەهەشتی پێدان کە ڕووباری شیر و هەنگووین لەوێ هاژەی دێت (سفری دەرچوون، تەورات، 3:33).

دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو بابەتە بەهەمان شێوە کە باختین ئاماژەی پێدەکات، بەو مانایەیە کە چیرۆکی فۆبیای جیهان بەترس لە خاوەن دەسەڵات دیسانەوە خولیخوادووە، ئێستا ئەو بەسەرهاتە کۆتایی پێهاتووە و قەناعەت پێکەر نییە. چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە کە لەمەودوا ئەو قەومە، هەناسەی خۆی بەپێی شەریعەت جڵەوکردووە (بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە وردەکاری وردەوە ڕوونکراوەتەوە کە ئەوان بە واژۆکردنی کاغەزی سپی، بەڵێنی ڕادەستبوون بەهیوای خوا، توانای دەستگەیشتن بە هیوای خۆیان دۆزیوەتەوە)، بەڵام سەرەڕای ئەوانە، خواش لەمەودوا - کە ئێستا سەرچاوەی ترسە لە خاوەن دەسەڵات - بەهۆی گوێڕایەڵی خەڵکەکەی پابەند و سنووردار دەبێت. خودا خاوەن ئیرادە و بەرچاوڕوونییە تەنها لەبەرئەوەی کە دووبارە جارێکی دیکە ئەوەیان ڕادەست بکاتەوە. کۆمەڵانی خەڵک، بەهەمان شێوە کە بەرژەوەندیی بوونەوەرەکان لە ڕامبووندایە، ئێستا دەتوانن خوا ناچاربکەن بەخشندە بێت.

بەو هۆیەوە مافی پاوانکاریی دەرمانی دژە خەسارهەڵگری بەدەستبێنن و لە شەڕی تارمایی نامسۆگەربوون پارێزراو بن، بەڵام بەبێ خەسارهەڵگریی و نامسۆگەربوون، ترسێک بوونی نابێت و بەبێ ترس، دەسەڵاتێک. بەم شێوەیە جارێک، ئەفسانەی دەربازبوونی تەورات دەربارەی سەرچاوەی دەسەڵاتی خاوەن پلە و پۆستی گرنگ، کە بتوانێت بەهێزی ترسناک نموونەی جیهانی یەکسان بکات، پێویستیی بە تەواوکەرێکە و ئەو ئەوەیە -کتێبی ئەیوب، کتێبێکە کە گرێبەستێکی یەکلایەنەی کردۆتە جێگرەوەی پەیمانی کێوی توور و بەڵینی جێپەسندی هەردوولای بە هەڵوەشانەوەی یەکلایەنەی ئەو دەگۆڕێتەوە.

بۆ دانیشتوانی حکومەتی مۆدێرن یان Rechtstaat، ئەفسانەی ئەیوب هەموو شتێکە بێجگە لە شایانی تێگەیشتن. ئەفسانەیەک دژ بە ئامۆژگارییە

بیروباوەڕەکان کە هارمۆنی و لۆژیک تەوەری ئەوانە. ئەفسانەی ئەیوب بۆ فەیلەسوفەکان، سەرئێشەی بەردەوام بووە و چارەسەری نەبووە و زۆرجار ئومێدی ئەوانی بەباداوە بۆ ئاشکراکردن و هاتنەئارای لۆژیک و هارمۆنی لە ئاژاوەی باوی ڕووداوەکاندا، کە ناودەنرێت (مێژوو). چ نەوەیەک لە خێزاندارەکان، کە لە هەوڵی بێهودەدا بۆ شکاندنی گوێزی نهێنییەکانی ئەو، ددانەکانیان لەدەستداوە. هەڵبەتە بەسەرهاتەکە بە هەمان جۆر بووە بۆ باقی پیاوەکان و ژنانی مۆدێرنێک کە فێربوون بەدوای ڕێسا و یاساکاندا بگەڕێن (و لەوانە هەموو ئەو کەسانەی کە پەیامی دەربازبوونیان لە تەورات ئەزبەر کردووە)، بەڵام پەیامی کتێبی ئەیوب ئەوەیە: یاسا و ڕێسا بوونی نییە. بەدەربڕینێکی ورتر، ڕێسا یان یاسایەک لە گۆڕێ نییە کە دەسەڵاتی فەرماندەیی و فەرمانڕەوایی سنووردار بکات. کتێبی ئەیوب، پێشتر پێشبینی بیروبۆچوونی ڕاشکاوانەی (کارڵ شمیت) دەکات کە (فەرمانڕەوا کەسێکە، دەسەڵاتی کەوتنەبەر لێبووردنی هەیە). کارڵ شمیت وشیارترین و ناخەیاڵاتی ترین زانستی توێکاری حکومەتی مۆدیرن بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەردەبڕێت، کەسێکە کە بەهایەک دیاریدەکات، هەمیشە بە شێوەی سەرپێییش بڕیاردەدات. مانای ئەو دیاری کردنە نابەهاییە، لەناوبردنی ئەو نابەهاییەیە2.



Zygmunt Bauman

به دیاریکردنی بەهای چوارچێوەکانی لاری یاسایی، ئاسایی و بەپێی ڕێسا نەخشەی دەکێشرێت و نابەهایی ڕیزپەڕە کە ئەو سنوورە نیشاندەدات. ئاوارتە (استنثاء) شتێکە کە ناتوانێت لەژێر خۆی جێگەی بکاتەوە. ئاوارتە داوای ڕەمزدانانی گشتی خەنیم دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی هاوکات توخمێکی ڕاستەوڕاست ڕواڵەتی و یاسایی ئاشکرا دەکات: بڕیار لەوپەڕی پاکیی تەواوی ئەو... یاسایەک بوونی نییە کە هاوتای ئاژاوە بێت. پێویستە یاسا بێتە ئاراوە تا ڕێسای یاساکان شیاو و مانادار بێتە بەرچاو. دەبێت بارودۆخێک بەیاسا بێتەئاراوە و ئەوە دەسەڵاتە کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بڕیاردەدات ئایا ئەو بارودۆخە بەڕاستی بەکاردێت یان نا. ئاوارتە تەنها یاسا ناسەلمێنێت، بەڵکو یاساش ئاوارتە بە دۆخی خۆی دەهێڵێتەوە[3].

جۆرجیۆ ئاگامبێن، فەیلەسوفی بیرتیژی ئیتالی، ڕوونیدەکاتەوە،

یاسا بەنەگرتنەبەر و چاوپۆشیکردن لە ئاوارتە (استنثاء)، دەیخاتە ژێر شمولییەتی خۆیەوە. لەو ڕووەوە بارودۆخی ئاوارتەی ئاژاوەئامێز لە سەرووی یاساوە نییە، بەڵکو زیاتر بارودۆخی ڕیشەگرتوو لە هەڵپەساردنی یاسایە... بەم مانایە، ئاوارتە بەڕاستی هاوتا بە ڕیشەی هەڵوەشانەوەی لەدەرەوە وەرگیراوە (x- p r) ـەو نەک بە سادەیی دەرپەڕێندراو[4].

بە دەربڕینێکی دیکە، ناکۆکیی نێوان هاتنەئارای یاسایەک و بنیادنانی ڕیزپەڕ بوونی نییە. بەبێ دەسەڵاتی بەخشیین لە یاسا، دەسەڵاتێک بۆ هێنانەکایەوەی یاساکان بوونی نابێت.

بێگومان تەواوی ئەوانە و ڕووگێژکەرە و لۆژیکی عەقڵی ساغ دەخاتە ململانێوە. بەبێ کتێبی ئەیوب، کتێبی دەرچوونی تەورات لە بونیادنانی بنەمای پێویست بۆ دەسەڵاتی ڕەهای خوا و گوێڕایەڵی قەومی ئیسرائیل دەستەوەستانە.

کتێبی ئەیوب ڕایدەگەیەنێت کە خوا هیچ شتێک قەرزداری بەندەکانی نییە -بەدڵنیاییەوە هیچ شتێک لەپێناو کردەوەکانیدا. دەسەڵاتی ڕەهای خوا، هێزی نیاز و ئارەزوو، هێزی پەرجۆ و هێزی چاوپۆشیکردن لە لۆژیکی زەرورەتی گوێڕایەڵی ناچاری بوونەوەرە گچکەکانیش دەگرێتەوە. خوا دەتوانێت وەک ئیرادە بکات زەربە بوەشێنێت و ئەگەر ئەو لە زەربە وەشاندن خۆدەدزێتەوە، تەنیا لەبەر ئیرادە (چاکە، بەخشندەیی، میهرەبانیی و خۆشەویستی)ی خۆیەوەیەتی. ئەوە تێڕوانینێکی کافرانەیە کە مرۆڤ دەتوانێت کارەکانی خوا بە ئاسانکارییەکانی وەک پەیڕەویکردنی خۆڕاگر و باوەڕدارانە لە بڕیارەکانی ئەو و گوێڕایەڵی ڕووت لە یاسای خوایی کۆنترۆڵ بکات.

خوا بەپێچەوانەی دنیای تەزیوو دەدوێت، کە جێگەی ئەوی گرتۆتەوە و حکومەت دەکات. وێڕای ئەو دەزانێت کە ئایا پەیڕەوی لە فەرمانەکان کراوە (یان نا) و ئاژاوەگێڕان سزا دەدات. ئەو سەبارەت بەوە کەمتەرخەم نییە کە مرۆڤی لاواز بیردەکاتەوە و ئەنجام دەدات، بەڵام بە پێچەوانەی دنیای سڕ و تەزیوو کە جێگەی ئەوی گرتۆتەوە، ئەو تایبەت نابێت بەوەی مرۆڤەکان بیردەکەنەوە و ئەنجامی دەدەن. ئەو دەتوانێت کۆمەڵە ئاوارتەیەک بێنێتە ئاراوە - و لۆژیکی گونجان و گشتگیر، لەو مافی پاوانکاری خواییە ئاوارتە و بەخشراو نیین – هێزی بەخشین بە شێوەیەکی هاوکات دەسەڵاتی ڕەهای خوا و ترسی هەمیشەیی و چارەسەر نەکراوی مرۆڤ بونیاد دەنێت. مرۆڤەکان لە ئەنجامی هێزی بەخشیین، ڕێک وەک سەردەمانی پێش یاسا، خەسارهەڵگر و نادڵنیا دەمانەوە. ئەگەر دەسەڵاتی مرۆڤ پەیوەست دەبێت بەو بابەتەوە (کە دەبێت) و ئەگەر بەو هۆیەوەیە کە دەسەڵات پشت بە دەمارە دیسپلینییەکەی دەبەستێت و دەرهێنان دەنوێنێت (کە بەم شێوەیە)، لەو ڕووەوە، کلیلی کاریگەری دەسەڵاتی بەرهەمهێنانی ترسە لە خاوەن پلە و پۆستی گرنگ. لەوانەیە ترسی جیهانی پێویستی بە نێوەندگیری مرۆڤ نەبێت، بەڵام ترس

لە خاوەن پلە و پۆستی گرنگ ناتوانێت پلان بۆداڕێژراو نەبێت.

دەسەڵاتەكانی سەر زەوی بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤەكانی تووشبوو نییە بە ترس، كە دێنە سەر ستەیج - ئەگەرچی هەرشتێكی شیاو و نەشیاو تاقیدەكەنەوە تا قەناعەت بە سوبێكتەكانیان بكەن كە بەڕاستی هەر ئەوە مەسەلەكەیە.

پیویستە دەسەڵاتی سەر زەوی وەك كاڵای نوێی فرۆشگای بەرخۆر بۆ خۆیان داوای خۆیان بئەفرێنن، ئەوان، بۆ بەردەوامی، دەبێت ئۆبجێكتەكانیان خەسارهەڵگر و نادڵنیا بكەن و بیهێڵنەوە.

ستالین، مامۆستای گەورەی بەرهەمهێنانی چڕی خەسارهەڵگری و نائاساییشی و سەرەنجام ترس بوو لە خاوەن پلە و پۆستی گرنگ. ڕێك هەر بەو هۆیەوە ترسناكترین تایبەتمەندیی زراوچوون لە ستالین، واتا ڕێككەوت بوونی، سەرەكیترین تایبەتمەندیی ئەوەبوو.

ماوەیەكی زۆر پێش ئەوەی ستالین گوێ لە سكاڵای دایكەكە بگرێت و كۆتایی بە شەڕ بهێنێت، چەندین جار دەسەڵاتی لە پاكتاوی لەنەكاوی حزب و ڕاوكردن بەبێ ڕوونكردنەوەی جادووگەران و كۆتایی پێهێنان یان هەڵپەساردنی كتوپڕ، چالاكی ئەمانی سەلماندبوو. زانیارییەك لەبەردەستدا نەبوو كە كام چالاكیی داهاتوو سیحر و جادووگەری ڕادەگەیەنرێت، وەك تاسەكان بە ڕێكەوت دەرپژرێن و لەوێ كە خستنەرووی بەڵگەی سەرەكی پەیوەندیی ئێوە بە جۆری كردەكی جادووگەرییەوە شوێنی هەڵگیراوە. كاری زیادە و شتی ڕازاندنەوە بوو. نەدەتوانرا تێبگەیت كە ئایا پەیوەندییەكی شایانی دەرككردن لەنێوان كردەوەكانی مرۆڤ و دەرئەنجامی لۆژیكی ئەوان بوونی هەیە یان نا (لە نوكتەیەكی بەناوبانگ لە سۆڤێت بەسەرهاتەكە بەم شێوەیە دەربڕدراوە: كەروێشكێك دەبیستێت كە حوشترەكان دەستگیركراون، خێرا هەڵدێت و تییدەتەقێنێت تا لە پەنایەك خۆی حەشاربدات. باشە، ئەوان سەرەتا دەستگیر دەكەن و پاشان دەكوژن تا بیسەلمێنن حوشر نیت) بەڕاستی، لە هیچ شوێنێكی دیكە و لە هیچ كاتێكی دیكە، وێنای كالڤینیستی لە بوونەوەری لەسەرووتر، تا بەو ڕادەیە و تا بەو ئاستە باوەڕپێكراو و قەناعەت پێكەر نیشان نەدراوە. بوونەوەری لەسەرووترێك كە بەرەكەت و مەحكووم بوون بەبێ سەرنجدان لە كردەوەی قووربانیانی و تەنها بە هەڵبژاردنە گوماناوییەكانی دابەشی كردووە، لەكاتێكدا كە نە پاڕاناوە قبوڵ دەكات و نە سكاڵایەك كە پێچەوانەی ڕای خۆی بێت.

لەوێ كە هەمووان خەسارهەڵگر و نادڵنیان، ئەوەی شەبەقی بەیانی داهاتوو بەدیاری دەیهێنێت، نەك بەڵای ناگەهانی، بەڵكو مانەوە و ئاسایشە كە بە شێوەیەكی ڕیزپەڕ دەردەكەوێت. لە حەقیقەتدا لە دەستەی پەرجۆییەكەی كە دەركی مرۆڤی ئاسایی بە خەنیم داوا كردووە و بەكارهێنانی حیكمەت، توانای كار و زیرەكیی سەرووی مرۆڤی دەوێت. ستالین لە بەراوردێكی بەراوردنەكراو بە بابەتی دیكە، دەسەڵاتی فەرمانڕەواییەتی بەخشین لە شێوازی مامەڵەكردنی بە بەكارهێنانی سەبارەت بە شێوازی مامەڵەیەك كە هاوتای یاسای مافی سوبێكتەكانی یاسایی و هاوولاتییان یان مافی مرۆڤەكان بوو لەبەر مرۆڤبوونیان، بەڵام ئەو بە هەمان ڕادە، ڕێكخستنی قڵپكردنەوەی ڕواڵەتەكانی كاری هەیە: خۆپاراستن لە دابەشكردنی ڕێكەوتی تاسەكان بوو كە وەك ئاوارتە، بەخشینێكی ئاوارتەیی و نمایشی لە بەزەیی وەردەگیرێت. لە ماوەی ئاوڕدانەوەیەك كە مرۆڤ وەریدەگرت، دەبوو سوپاسگوزار دەبوو كە بوو.

نادڵنیابوون و خەسارهەڵگریی مرۆڤ، بنەمای تەواوی دەسەڵاتە سیاسییەكانە. لە جۆری ستالینیستی دەسەڵاتی تۆتالیتار، لە نائامادەیی بازاڕێك كە هەلومەرجی مرۆڤایەتی ڕێكەوتی هێنایە ئاراوە، ئەو خەسارهەڵگری و نادڵنیابوونە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوە دەبێت.

ئێستاش ڕێک لەکاتێکدا کە دوا پاشماوەی (سیاسەتی ئابووریی نوێ) بەسەریەکدا کەڵەکە دەبن، شتێکی هاوشێوەی ئەو سام و ترسە ڕێکەوتە، لە پێوەرێکی فراواندا ڕزگار بووە. پێویستە ئەوە لە ڕێکەوتی پەتی زیاتر بێت.

خەسارهەڵگری و پڕمەترسی وجودیی و پێویست، لە کۆمەڵگەیەکی تاڕادەیەک مۆدێرن بە شوێنکەوتنی ئامانجی ژیان لە هەلومەرجە نادڵنیا قەیراناویی و مەترسیدارەکان و قەرەبوو نەکراوە، دانانی ژیان دەبێت لەسەر ڕێچکەی هێزەکانی بازاڕی بیمە. بێجگە لەوەی بە مەبەستی هێنانەئارا و پشتگیریکردن لە هەلومەرجە یاساییەکانی ئازادییەکانی بازاڕ، بەڵگەیەک نییە بۆ دەستێوەردانی دەسەڵاتی سیاسیی. لە داواکردنی دیسپلین و ڕەچاوکردنی یاسا لە سوبێکتەکانی. لەوانەیە ڕەوایەتی دەسەڵات پەیوەست بە بەڵێنی کەمکردنەوەی ڕادەی نادڵنیایی و خەسارهەڵگریی هاووڵاتییان دەمێنێتەوە: بەڵێنی کەمکردنەوەی زیان و خەسارەتەکانی ڕیشەگرتوو لە بازاڕی ئازادیی هێزەکانی بازاڕ و پاراستنی لە خەسارهەڵگری لە بەرامبەر زەڕبەی کۆتایی نەهاتووی ئازاراویی ئەمان و بیمەی مرۆڤ بۆ کەمکردنەوەی نادڵنیایی لە بەرامبەر ئەو مەترسییانەی کە کێبەڕکێی ئازاد بە ناچاریی پێویستی پێیەتیی. ڕەواییەتییەکی وەها دوادەربڕینی خۆی لە پێناسەیەکدا دەدۆزێتەوە کە شێوەی مۆدێرنی حکومەت لە خۆی بەدەستەوە دەدات، بەمانای (حکومەتی خۆشگوزەران).

ئەو فۆرمۆلە لە دەسەڵاتی سیاسیی، بەڵام هەنووکە هەڵوەشاوەتەوە. لەڕێگەی پێشکەووتن و ڕێکەوتی بەسەرچوونی دامەزراوەکانی حکومەتی خۆشگوزەرانیی داناوە و سەرنج بە هەڵگرتنەوەی ئەو چوارچێوانەی کە پێشتر بەسەر چالاکیی ئابووریی و گەمەی ئازادیی کێبڕکێی بازاڕ و ئەنجامی ئابوورییەکەی سەپێنراوە، حکومەتی خۆشگوزەرانیش لە ڕیزەکە چووەتە دەرەوە.

کارەکانی پشتگیریکردنی حکومەت تایبەت بووە بە کەمینەیەکی بێکار و بێتوانا، ئەگەرچی ئەو پاڵنەرە بوونی هەیە کە تەنانەت هەمان کەمینەش لە گروپی ژێر چاودێریی کۆمەڵایەتی چووەتە دەرەوە، تا بکەوێتە گرووپی ژێر چاودێری یاسا و ڕێساوە. دەربارەی ئەوانەی کە ناتوانن بەشداریی گەمەی بازڕی ئازاد بکەن، بە شێوەیەکی زۆروزەوەند ئەو پاڵنەرە کاردەکات کە بابەتەکەیان لە گوتەزای تاوانەکان (و وەک تاوان) لێیدەکۆڵرێتەوە. هەروەها، حکومەت دەست لە ڕاگەیشتن بە خەسارهەڵگریی و ناڕاشکاوی ڕیشەگرتوو لە لۆژیک (یان نالۆژیکی بوون)ی بازاڕی ئازاد دەکێشێتەوە و لە ئانجامدا ئەو مەسەلەیە وەک بابەتێکی شەخسی پێناسە دەکرێتەوە، وەک مەسەلەیەک کە پێویستە تاکەکان بۆ خۆیان باس و گفتگۆ دەربارەی سەرچاوەیەک بکەن کە لەبەردەستیاندایە. بە لێکدانەوەی ئۆلریش بێک، ئێستا لە کەسەکان چاوەڕوان دەکرێت کە بۆ پێکناکۆکەکانی سیستم، چارەسەری بیۆگرافیی بدۆزنەوە5.

ئێستا ئەو پڕۆسەیە کاریگەرییەکی لاوەکی هەیە: ئەو بنەمایانە لاوازبوون کە بەهۆیانەوە دەسەڵاتی حکومەت، بانگەشەی ڕۆڵ بینینی یەکلاکەرەوە دەکات لە کێشە لەگەڵ خەسارهەڵگریی و نادڵنیابوون. گەشەی فراوان و جێگەی سەرنجی کەمتەرخەمی، نەمانی بەڵێنەکان و پەیوەندیی سیاسیی (بە لێکدانەوە بەناوبانگەکەی پیتەر دراکەر «ڕزگاری لە لایەن کۆمەڵگەوە، ئیدی نا!») و دوورەپەرێزیی کۆمەڵانی خەڵک لە بەشداریکردن لە کاری سیاسیی بەدامەزراوەیی بوو، هەموویان لەسەر داڕمانی بنەماکانی دەسەڵاتی حکومەت گەواهی دەدەن.

لەگەڵ بەئاکام نەگەیشتنی دەستێوەردانە بەرنامە بۆ دانراوەکانی پێشوو لە مەترسییە ڕیشەگرتووەکان لە بازاڕ و بەدەربڕینی ئەوەی کە تووندکردن و بەهەمیشەیی کردنی ئەو پڕمەترسییە، ئەرکی تەواوی دەسەڵاتی سیاسییە کە چاودێریی

سوبێکتەکانیانن و حکومەتی هاوچەرخ دەبێت بۆ پاراستنی ڕەوایەتییەکەی لە شێوازی نائابووری دیکەدا، بۆ نادڵنیایی و خەسارهەڵگری بگەڕێت. پێدەچێت حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێگرەوەیەکی وەهای بەورووژێنەرترین شێوەی شیاو، لەمەسەلەی ئاسایشی کەسیدا دۆزیبێتەوە: هەڕەشە و ترسەکانی پەیوەست بە گیان و دارایی مرۆڤ و بارودۆخی ڕیشەگرتوو لە چالاکی تاوانکاریی، ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی (چینی بێبەش) و بەم دواییە تیرۆریزمی جیهانی. بە پێچەوانەی نائاسایشی ڕیشەگرتوو لە بازاڕ کە هەموو شتێک لەناویدا لەرادەبەدەر روون و ئاشکرا بوو، ئەو جۆرە نائاساییشییە جێگرەوەیە کە چاوەڕێ دەکرێت پێگەی پاوانکاریی لەدەستچووی حکومەت وەک فاکتەری ڕزگاری بگێڕێتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی دەستکرد جوان و ڕێکوپێک بکرێت، یان لانی کەم، تا ئەو ئاستە دراماتیزە بێت، کە بتوانێت ترسی پێویست لە خاوەن پلە و پۆستی گرنگ بورووژێنێت و هاوکات سیبەر بەسەر پرمەترسیدا بکات، پرمەترسییەک کە حکومەت لە بەرامبەریدا نە دەتوانێت هیچ کارێک بکات و نە ئارەزووی ئەنجامدانی هیچ کارێکی هەیە. ڕادەی مەترسیی ئاراستەکراوی ئاسایشی شەخسی بەپێچەوانەی مەترسیگەلێک کە بازاڕ بۆ بژێوویی و خۆشگوزەرانی دەیخولقێنێت، دەبێت لە ڕەشترین ڕووی ئەو بخرێتەڕوو. لە بابەتێکی بەم شێوەیەدا (هاوشێوەی بابەتی ڕژێمی سیاسی ستالینی)، بەرگرتن لە هاتنەدی هەڕەشەکان دەتوانێت هەروەک ڕووداوی نائاسایی و بەناونیشانی بەرەنجامی چاودێریی و پاراستن و نیازباشی ئۆرگانەکانی حکومەت ببێتە جێی ستایش. ئەوە ئەرکێکە کە ئێف بی ئای و ڕێکخراوی سیا لە مانگەکانی ئەم دواییە بەردەوام سەرقاڵی ئەون: هۆشداری دان بە هاووڵاتییانی ئەمەریکی لەبارەی خراپ سوود وەرگرتن لە ڕووداوێك کە هەڕەشە لە ئاسایشیان دەکات، دانانیان لە بارودۆخی زەنگی سوور و هاتنەئارای گرژی -بۆچی کاتێک هەڕەشەکان بە کردەوە ناکرێن، وێڕای ڕەواندنەوەی گرژییەکان، تەواوی دەستکەوتەکانی ئەو ڕەواندنەوەیە، مەترسی بەپێی سازانی هەموان لەسەر وێری ئۆرگانەکانی یاسا و ڕێسا دادەڕێژرێت، ئەو ئۆرگانانەی کە دەزگای بەڕێوەبردنی حکومەت بە شێوەیەکی زۆروزەوەند بۆ ئەوان کەمکراوەتەوە. بەپێچەوانەی ئەو بەهیوا بوونە، کە ئێستا چارەسەری ستالین بەمانای دانانی ترس لە خاوەن پلە و پۆستی گرنگ وەک بونیادی دەسەڵاتی حکومەت، شتێکە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، وەک

**لە نوکتەیەکی بەناوبانگ لە سۆڤێیت بەسەرهاتەکە بەم شێوەیە دەربڕدراوە: کەروێشکێك دەبیستێت کە حوشترەکان دەستگیرکراون، خێرا هەڵدێت و تێیدەتەقێنێت تا لە پەنایەك خۆی حەشاربدات. باشە، ئەوان سەرەتا دەستگیر دەکەن و پاشان دەکوژن تا بیسسەلمێنن حوشر نیت**



ئەنجامی باسەکە ناتوانین شتێکی وەها بڵێین. پەنجا ساڵ دوای مردنی ستالین، گەڕانی نائومێدانە بۆ چارەسەری نوێ و ڕیفۆرمکراو لە ئەنجامدان و ئامادەکردنی نادڵنیایی و ترس، هێشتا لەکارنامەی دەسەڵاتە هاوچەرخەکاندایە.

(*) پراڤدا وشەیەکی ڕوسییە بەمانای حەقیقەت دێت. گەورەترین ڕۆژنامەی ڕەسمی یەکێتیی جەماوەری سۆڤێتیی سۆسیالیستی و ئۆرگانی ڕەسمی حزبی کۆمۆنیست بووە لە 1922ەوە تا 1991«و.ف»

**پەراوێزەکان:**

also Hirschkop's ;(1968/See Bakhtin (1965
[(1997) apt summary. .[1
Schmitt (1963, p. 80); see the discussion in
[Agamben (1998, p. 137) .[2
see discussion in ;(21-Schmitt (1922, pp.19
[Agamben .[3
.( pp. 15ff ,1998)
[Agamben (1998, p. 18) .[4
[p. 137) .[5 ,1992/See Beck (1986


Agamben, G. (1998). Homo sacer: Il potere sovrano e la nuda vita [Sovereign power and [barelife
D.Heller-Roazen, Trans.). Stanford, CA:) StanfordUniversity Press. (Original work (published 1995
Bakhtin, M. (1968). Rabelais and his world (H. .Iswolsky, Trans.). Cambridge, MA: MIT Press (Original work published 1965)
Beck, U. (1992). RisikoGesellschaft: Auf demWeg in einere andereModerne (M. (.Ritter,Trans
Newbury Park, CA: Sage. (Original work. (published 1986
Hirschkop,K. (1997). Fear and democracy: An essay on Bakhtin's theory of carnival. ,Associations, 1 .234-209
Schmitt, C. (1922). Politische Theologie: Vier Kapitel sur Lehre von der Souveranitat ,.Munich .Germany: Duncker & Humboldt
Schmitt, C. (1963). Theorie des Partisanen, Zwischenbemerkung zum Begriff des .Politischen
Munich, Germany: Duncker & Humboldt.
Agamben, G. (1998). Homo sacer: Il potere sovrano e la nuda vita [Sovereign power and [barelife
D.Heller-Roazen, Trans.). Stanford, CA:) StanfordUniversity Press. (Original work (published 1995
Bakhtin, M. (1968). Rabelais and his world (H. .Iswolsky, Trans.). Cambridge, MA: MIT Press (Original work published 1965)
Beck, U. (1992). RisikoGesellschaft: Auf demWeg in einere andereModerne (M.
(.Ritter,Trans
Newbury Park, CA: Sage. (Original work. (published 1986
Hirschkop,K. (1997). Fear and democracy: An essay on Bakhtin's theory of carnival. ,Associations, 1 .234-209
Schmitt, C. (1922). Politische Theologie: Vier Kapitel sur Lehre von der Souveranitat ,.Munich .Germany: Duncker & Humboldt
Schmitt, C. (1963). Theorie des Partisanen, Zwischenbemerkung zum Begriff des .Politischen
Munich, Germany: Duncker & Humboldt.
Agamben, G. (1998). Homo sacer: Il potere sovrano e la nuda vita [Sovereign power and [barelife
D.Heller-Roazen, Trans.). Stanford, CA:) StanfordUniversity Press. (Original work (published 1995
Bakhtin, M. (1968). Rabelais and his world (H. .Iswolsky, Trans.). Cambridge, MA: MIT Press (Original work published 1965)
Beck, U. (1992). RisikoGesellschaft: Auf demWeg in einere andereModerne (M. (.Ritter,Trans
Newbury Park, CA: Sage. (Original work. (published 1986
Hirschkop,K. (1997). Fear and democracy: An essay on Bakhtin's theory of carnival. ,Associations, 1 .234-209
Schmitt, C. (1922). Politische Theologie: Vier Kapitel sur Lehre von der Souveranitat ,.Munich .Germany: Duncker & Humboldt

Schmitt, C. (1963). Theorie des Partisanen, Zwischenbemerkung zum Begriff des .Politischen .Munich, Germany: Duncker & Humboldt


## سەرچاوە:


Zygmunt Bauman,»Stalin», Cultural Studies <=> Critical Methodologies February 11-vol. 4 no. 1 3 2004